پەیامی خەڵک

* لقی هەولێری مانگی سوور یارمەتی بەسەر دانیشتووانی گوندەکانی دەورو پشتی هەولێر دابەش دەکات، بەڵام ئەم کەل‌و پەلانەی دابەشدەکرێن زۆربەی ماڵە دەوڵەمەندەکان لێی سوودمەند دەبن. هەقوایە پێش دابەشکردن، ماڵە هەژارەکان دەست نیشان بکرێن، ئەمەش ئەرکی پارێزگارو موختاری گوندەکانە کە هەڵسن بەو کارە. خێزانی وا لەم هاوکاریە سوودمەند دەبێ کە زۆربەیان ئۆتۆمۆبیلی مۆدێل بەرزو خانوو، 100–200 سەر مەڕیان هەیە، هیچ پێویستیان بەو هاوکاریە نیە، تەنها هەقی ماڵە هەژارەکان دەخۆن.

م. نازك

* لەشاری هەولێر تەکسی نەفەرات هەیە لەبازاڕەوە بۆ گەڕەکەکان، بەپێچەوانەشەوە. خاوەنی تەکسیەکان بەئارەزووی خۆیان کرێی نەفەرات لەخەڵك وەردەگرن. هەندێ خاوەن تەکسی هەن 500 دینار بۆیەك نەفەر وەردەگرن، هەندێکی دیکەش 750 دینار وەردەگرن. گەر پرسیار بکەی بلێی کاکەی خاوەن تەکسی ئەمە بۆ وایە لەوەڵامدا دەڵێت کاکە تۆ باسی چی دەکەیت ئێمە بە کەیفی خۆمان نرخی نەفەرات دادەنێین، لەم وڵاتە کێ بەکێیە، کەس ئاگای لەکەس نییە، دەستەڵاتیش شەبەکەی مەشغوڵە.

ف. سۆلین.

*منداڵانی بەکرەجۆ بێ بەشن لەهەموو خولەکانی وەکو: کۆمپیوتەرو زمان‌و ئەو دەورانەی کە قوتابیان لەکاتی پشووی هاویندا دەیانەوێ بچن بۆی، فێری شتی سەردەم ببن. تاکو ئێستا هیچ خولێکی لەم بابەتانەی کە باسمان کرد نەکراوەتەوە بۆ ئەوەی خوێندکاران لەکاتی دەستبەتاڵییان بچن‌و فێری ببن.

ش. عەبدوڵڵا

*وڵاتیان لەکاتی بێ کارەباییدا تەلەفۆن بۆ بەڕێوەبەرایەتی کارەبا دەکەن کە بۆچی بەم گەرمایە کارەبا نییە، هەر هیچ نەبێ ئەوەندە کارەبامان بدەنەوە بۆ ئەوەی ئاوی خواردنەوە بۆ خۆمان دابنێین. بەڕێوەبرایەتیش بەگاڵتەوە لە وەڵامدا دەڵێ: لەجیاتی ئەوەی تەلەفۆن بۆ ئێمە بکەن بڵێن کەی کارەبا دێتەوە بڕۆن مۆوەلیدەیەك بکڕن‌و موزەخەکەتی پێ هەڵبکە. سوپاس بۆ بەڕێوەبەری کارەبا بۆ ئەو ڕێنوێنیانەی کە بۆ وڵاتیان دەیکات!!.

کارزان عەبدوڵڵا

زانستگەی الحورە لەهۆڵەندا، (زانست لەرێگەی دوورەوە)

ئامادەکردنی: ن. ئەحمەد

ئەکرەم کەسار

مرۆڤ هەر لەکۆنەوە بۆ وەدەستهێنانی زانست‌و زانیاری تەواوی هەوڵ‌و کۆششەکانی خۆی بەکارهێناوە، ئێستاش لەسەردەمی ئینتەرنێت‌و جیهانگیریدا لێبڕاوانە هەوڵی بەدەستهێنانی هەرچی زیاتری زانست‌و زانیاریەکانی بۆ فەراهەم بووە. کەسێك ئەگەر بیەوێ درێژە بەخوێندن بدات، رێگەی جۆراوجۆر هەن‌و دەروازەی هەمەجۆریشی لەبەردەمدا کراوەتەوە. جاران فێرگەو پەیمانگەو زانستەگەکان فێرخوازیان ناچار دەکرد کە بەردەوام لەهۆڵی وانەکان دابنیشێ‌و گوێ لەمامۆستا بگرێ، پاشان لەبەر سەرقاڵی‌و پڕکاری مرۆڤەکان، زانستگەی دیکە دامەزران کە فێرکاری دەیتوانی بەنامە وانەکانی خۆی وەربگرێ‌و دواتریش لەتاقیکردنەوەکاندا بەشداری بکات. هەندێك پێیانوابوو ئەم جۆرە سەرکەوتوو نابێ، چونکە فێرخواز راستەوخۆ وانەکان لەمامۆستاکانی وەرناگرێ، تەنیا پشت بە سەرچاوە دەبەستێ، لەوانەیە کەسانی دیکە راپۆرتەکانی بۆ بنووسن یان هاوکاری بکەن‌و لەرێگەی هێنان‌و بردنی نامەکانەوە کۆمەکی زۆرتری پێبکەن. وێڕای هەموو ئەو رەخنانەش کەچی زانستگەی نامەیی هەن‌و بەدرێژایی زیاتر لە 50 ساڵ درێژەیان بەکاری خۆیان داوە.

ساڵی رابردوو بەدەسپێشخەری دکتۆری پرۆفیسۆر (ئەکرەم کەسار)و ژمارەیەك دکتۆری دیکە کە ئێستا لەهۆڵەندا نیشتەجێن‌و پێشتریش لەزانکۆکانی عێراقدا مامۆستابیان کردبوو، زانستگەی ئەلحورە دامەزراوە. زانستگەی ئەلحورە دامەزراوێکی ئەکادیمی زانستی سەربەخۆیە، لەشاری دانهاغ (لاهای) وڵاتی هۆڵەندایە. ئامانجی بەرزکردنەوەو فراوانکردنی ئاستی زانستی ئەو کەسانەیە کە پێشتر لەبەر هەر هۆیەك بووبێ دەرفەتی ئەوەیان بۆ نەڕەخساوە درێژە بەخوێندن بدەن. بۆ وەرگرتنی خوێندکار مەرجی رەگەزو تەمەن وەلانراون، دەرگە بۆ هەر کەسێك کراوەیە کە بێەوێ درێژە بەخوێندن بداتو ئاستی زانستی خۆی بەرز بکاتەوە.

ئارمانجی زانستگەی ئەلحورە ئەوەیە: لەرێگەی هۆیەکانی راگەیاندنی گەشەکردوودا کە لەزانستگە ناوداەکانی جیهاندا پەیڕەوی لێدەکرێ، زانستەکانی مرۆڤایەتی بڵاوبکاتەوەو بڕوانامەی دیبلۆم‌و بەکاڵۆریۆس‌و ماجستەرو دکتۆرا بەخوێندکارە دەرچووەکانی ببەخشێ.

ئەم زانستگەیە جیاوازی لەگەڵ زانستگەکانی دیکەدا هەیە، چونکە خوێندکاران سەرپشك کراون بچنە زانکۆو لەهۆڵی وانە دابنیشن یان لەرێگەی ئینتەرنێتەوە بچنە ناو هۆڵی وانەکان‌و راستەوخۆ گوێ لەمامۆستاکان بگرن‌و بەشداریش لەگفتوگۆکاندا بکەن. خوێندکاران وێڕای ئەوەی کە کتێبی وانەکانیان وەردەگرن‌و وەکو سەرچاوە دەیخوێنن، دەبێ سەرچاوەی دیکەش پەیدا بکەن‌و بیانخوێنن‌و سوودیان لێوەربگرن. هەروەها شێوازی جۆراوجۆری دیکە بۆ گەیاندنی زانست‌و زانیاری بەخوێندکاران پەیڕەو دەکات، هەر خوێندکارێك سەرپەرشتیارێکی تایبەتی بۆ دیار دەکرێ، راستەوخۆ بەدیدار، تەلەفۆن یان بەرێگەی ئیمایلەوە پێوەندی بەردەوامی لەگەڵدا دەبێ. سەرپەرشتیار رێنوێنی خوێندکار دەکات، وانەکانی بۆ شێ دەکاتەوەو وەڵامی پرسیارەکانی دەداتەوە. بۆ هەر بابەتێك داوای راپۆرتی تایبەتی لێدەکات، واتە گرێدانێکی توونـد لەنێوان مامۆستاو خوێندکاراندا هەیە.

سەرکەوت محەمەد غەریب فەتاح)

زانستگەی ئەلحورە لەم کۆلیژانە پێکهاتووە: (کۆلیژی ئاداب، کۆلیژی حوێندنی کوردی، کۆلیژی زانستی پەروەردەیی‌و تەندروستی دەروونی، کۆلیژی ئابووری‌و بەڕێوەبردن، کۆلیژی یاساو سیاسەت، کۆلیژی راگەیاندن‌و رۆژنامەوانی).

بۆ زانیاری زیاترو باشتر ئاشنا بوون، لەشاری لاهای‌و لەنێو زانستگەی ئەلحورەدا دیدارێکی تایبەتمان لەگەڵ دکتۆر ئەکرەم کەسار سەرۆکی زانستگە کرد، بەڕێزی پێبڕاگەیاندین: زانستگەی ئەلحورە لەلایەن ئەنجوومەنی زانکۆو ئەنجوومەنی زانستی زانکۆوە بەڕێوەدەبرێ. ئەنجوومەنی زانکۆ لەسەرۆکی زانکۆو جێگری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی‌و جێگری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری بەڕێوەبردن پێکهاتووە. هەروەها ئەنجوومەنی زانستی زانکۆش لەسەرۆکی زانکۆو جێگری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی‌و راگری کۆلیژەکان‌و بڕیاردەی ئەنجوومەن پێکهاتووە. سەرەتا دەستەی دامەزرێنەر پرۆژەکەی گەڵاڵە کرد، دواتر دەستەی چاودێر لێکۆڵینەوەیەکی درێژی سەبارەت بە دامەزراندن‌و ئامانجی دامەزراندنی زانستگە پێشکەش بە لایەنە پەیوەندداروفەرمییەکانی هۆڵەندا کرد، مۆڵەتمان وەرگرت‌و بەفەرمی تۆمارکرا. پاشان دەستەی چاودێر پێوەندی لەگەڵ یەکێتی زانکۆکانی عەرەب‌و وڵاتانی ئیسلامی‌و رێکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان وەکو یۆنسکۆو ئیسسکۆ کرد، ئەمەش بە مەبەستی خۆناساندن‌و وەرگرتنی ئەندامێتی. ئێستا وەزارەتی دادی هۆڵەندی‌و وەزارەتی دەرەوی هۆڵەندا بڕیاریان داوە کە تەواوی بڕوانامەکانی زانستگەی ئەلحورە سەرڕاست (تەسدیق) بکەن، هەروەها تەواوی باڵیۆزخانەکانی هۆڵەنداش بڕوانامەکانی زانستگەی ئەلحورە تەسدیق دەکەن‌و فەرمی بوونی پێدەدەن. لەلایەکی دیکەشەوە رێککەوتنێکمان لەگەڵ زانکۆکانی میسر مۆرکردووە، ئەمەش بەرەسمی ناسینی زانستگەی ئەلحورە سەرڕاست دەکاتەوە. هەروەها رێککەوتن‌و پەیمانیان لەگەڵ زانکۆی بەسرە هەیە، لەهەوڵدانیش داین تا وەزارەتی خوێندنی باڵای عێراقی لەسەر ئاستی عێراقیدا فەرمی بوونی پێبدات.

ئامانجمان بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی‌و رۆشنبیری خوێندکارانە، راستە خوێندن بەپارەیە، بەڵام ئەو پارەیەی کە لەخوێندکار وەردەگیرێ لەبەرانبەر رێژەی ئەو خزمەتەی کە پێی دەکرێ زۆر کەمترە. ساڵانە بەرنامەی خوێندن دادەنرێ. کتێب بەسەر خوێندکاران دابەش دەکرێ، خوێندکاران سەرپەرشتکاریان بۆ دادەنرێ‌و لەرێگەی ئینتەرنێتەوە بەشداری لەهۆڵی وانەکاندا دەکەن، ساڵانە دوو تاقیکردنەوە بەڕێوەدەبرێ. خوێندکاران یان دێنە زانستگەی ئەلحورە یان لەو بنکانەی کە زانستگە لەوڵاتان دایدەنێ بەشداری لەتاقیکردنەوەکاندا دەکەن. ئەو خوێندکارانەی لەقۆناغی بەکاڵۆریۆس‌و ماجستەر بەیەکەم دەردەچن ساڵی دواتریان بەخۆڕایی دەبێ، هەروەها دووەم‌و سێیەمەکانیش 50٪ی کرێی خوێندنیان بۆ دادەشکێندرێ.

هەر لەو پێوەندیەدا خوێندکار (سەرکەوت محەمەد غەریب فەتاح) مان داوند، ئەویش گوتی: من پێشتر کۆلێژی کشتوکاڵم لەبەغداد تەواو کردبوو، هەروەها لەروسیاش ماجستەرم وەرگرتبوو، ئێستاش لەقۆناغی ماجستەر لەکۆلیژی سیاسەت دەخوێنم. شانازی بەو زانستگەیە دەکەم‌و بەکارێکی پیرۆزی دەزانم، من بۆ خۆم بەردەوام سەردانی زانکۆ دەکەم‌و مامۆستاکان دەبینم، هەروەها سەرپەرشتیارێکم هەیە بەتەلەفۆن قسەی لەگەڵدا دەکەم، بەئیمایل نامەم بۆ دەنێری‌و رێنوێنیم دەکات. لەسەرداوای ئەو بۆ هەر دەرسێك راپۆرتی تایبەتم ئامادەکردوو، بۆم رەوانە کرد. من بۆخۆم پەرۆشی پاشەڕۆژی ئەو زانستگەیەم، چەندین خوێندکار لەرێگەی منەوە هاتوون‌و ناوی خۆیان تۆمار کردووەو دەستیان بەخوێندن کردووە، ئێستاش کە لەنێو تاقیکردنەوەکاندام هەست بەگرنگی زۆر دەکەم، شێوازی پرسیارەکان‌و هۆڵی تاقیکردنەوەو چاودێری کردن زۆر پێشکەوتووە، هیچی لەزانکۆ ناوداەکانی جیهان کەمتر نیە. حەز دەکەم ئەوانەی لەبەر هۆی سیاسی یان رەوشی تایبەت نەیاتوانیوە خوێندنی باڵا بخوێنن‌و بڕوانامەی بەرز وەربگرن، با بێن لەزانستگەی ئەلحورە ناوی خۆیان تۆمار بکەن‌و درێژە بەخوێندن بدەن. ئەوەی جێگەی سەرنج‌و پێزانینە ئەو پێوەندییە قوڵایە کە لەنێوان مامۆستاو خوێندکاراندا هەیە، مامۆستاکان بەگیانی هەستکردن بە بەرپرسیارییەوە رەفتار لەگەڵ خوێندکاراندا دەکەن، وەکو هاوڕێی خوێندکار هەڵسوکەوت دەکەن‌و رێزیان بۆ دادەنێن، ئەم رۆحیەتە هاندەرێکی باشەو خوێندکار ناچار دەکات تا پەرۆشانەتر بایەخ بەخوێندن بداتو ئاستی خۆی بەرز بکاتەوە.

لەدوا وشەیدا سەرکەوت محەمەد غەریب فەتاح گوتی: یەکەمین رۆژی تاقیکردنەوەکان سەرۆکی هەرێمەکە کە پارێزگاری شاری دانهاغەو پێشتر وەزیری رۆشنبیری بووەو چەندین دەورە ئەندامی پەرلەمان بووە سەردانی هۆڵی تاقیکردنەوەکانی کردو سەبارەت بەزانستگەو شێوازی خوێندن‌و تاقیکردنەوەکان پرسیاری لەمامۆستاو خوێندکارەکان کرد، هەروەها رۆژی دواییش کۆنسۆڵی عێراق لەهۆڵەندا سەردانی هۆڵی تاقیکردنەوەکانی کردو چاودێری شێوازی تاقیکردنەوەکان‌و پرسیارەکانی کرد. ئەمانەش هاندەرێکی باش بوون‌و متمانەی زۆریان بەخوێندکاران بەخشی.

جوانی ئافرەت لەچاوی پیاواندا دەبینرێت

شاناز

جوانکاری‌و ڕازاندنەوە لەهەر کارێکدابێت، هونەری تایبەتی خۆی هەیە. حەزو ئارەزوو، ڕازاندنەوەی ژنان‌و ئارایشت کردنیان، جوانکردنی ئافرەتان‌و ڕازاندنەوەیان، بۆتە کێبەرکێ، هەر کەس جوانکاری جوانتر بێت بازاڕی گەرمتر دەبێ. دەست ڕەنگین‌و بەتوانایی‌و جوانکاری، لەمرۆڤەکاندا بەپێی ئارەزووەکان دەردەکەوێت. تا ئارەزووەکان زۆرتر بێت دەست ڕەنگینی زیاتر دەردەکەوێت، پیاو یاخود ژنان هەر کەس بەپێی توانا‌و لێهاتوویی خۆی کارەکان ئەنجام دەدات.

ئێستا لەکوردستاندا وەك وڵاتانی جیهان، ئارایشتگەی پیاو هەیە کە تایبەتە بەڕازاندنەوەو جوانکردنی ژنان. کە بۆتە مایەی سەرنجی خەڵکی، زیاتر لەئارایشتگە ژنەکان قەڵەباڵغ ترو تامەزرۆی ئیش‌و دەست ڕەنگینیەکانیانن.

هەر بەمەبەستی ئارایش کردنی ژنان‌و قەڵەباڵغی لەکارەکانیاندا سەردانی ئارایشتگای (ستایل)مان کرد کە خاوەنەکەی (فەرهاد عەبدولقادر عەلی بەرزنجی)یە، پرسیارمان لێ کرد.

هۆی چییە زیاتر ژنان ڕوودەکەنە ئارایشتگەی ئێوە؟ ئەم جوانکاریانەی ئێوە بۆ ژنان ئەنجامی دەدەن چییە؟ بۆ ئارەزوو دەکەیت بۆ ڕازاندنەوەی ژنان؟

ئارایشتگای ستایل/ خاوەنی فەرهاد عەبدولقادر: لەهەموو جیهاندا پیاو لەئافرەت، زیاتر بەدوای سپیۆڕی‌و ناوبانگدا دەگەڕێ. ئافرەت دەرفەتی چوونەدەرەوەو سەفەرکردنی کەمترە، لەشارو بۆ شارێکی دیکە، یاخود لەوڵاتێك بۆ وڵاتێکی تر. هەروەها پیاو هەستی سەیرکردنی بۆ ئافرەت لەناخەوەیە، پیاو دەزانێت چۆنی جوانیەکانی ئافرەت ئاشکرا دەکات، هەروەها حەز دەکات ئافرەت بەهەموو جۆرێك بڕازێنێتەوە، بەپێچەوانەی ژنانی ئارایشتگاکان، تەنها لایەنی مهنی پسپۆڕیەکەیان وەرگرتووەو نەك لایەنی هونەری جوانی ئارایشت کردن. ئەو کارانەی ئێمە ئەنجامی دەدەین وەك، قژبڕین بەهەموو جۆرەکانی مکیاژ کردنیەوە، دانانی نینۆك، دانانی تاتۆی برۆو لێو، بۆیەکردنی قژو برۆ، هەموو ئەو جوانکاریانەی کە بۆ ئافرەت ئەنجام دەدرێن.

ماوەی 27 ساڵە، لەبواری جوانکردنی ئافرەتدا کار دەکەم. هەموو کەسێك دەیەوێت، قۆناغ بەقۆناغی ژیان جوانتر ببێت‌و جوانکاریش هونەرو لێ زانینی دەوێت، لەجوانی ئافرەتدا زیاتر حەز دەکەم بڕەو بەکارەکەم بدەم. چونکە هەموو شتێکی جوان، لەئافرەتەوە دەست پێدەکات.

لەوڵاتانی دنیادا، سەرەتا پیاوان ئارایشت‌و جوانکاریان بۆ ژنانی هونەرمەندو دەرکەوتوان دەکرد، بەڵام ئێستا ئارایشت کردنیان بۆ ژنانی ئاسایی، ژنانی ماڵەوەش ئەنجام دەدەن. لەجیهاندا ئافرەتان لەهەموو کۆمەڵگەیەکدا، ئازاد بن، یاخود ژێر دەستە، وەك حەزو ئارەزووی خۆیان، حەز دەکەن بۆ خۆ ڕازاندنەوە بچنە لای ئارایشتگەی پیاوان، چونکە پێیان وایە پیاوان بە تواناترن‌و دەست ڕەنگینیان زیاترە، زیاتر هۆش‌و سەرنجیان بۆلای کارەکەیان زیاترە وەك لەژنان، کە زۆرجار دڵو هۆشیان لای ماڵو منداڵو کێشە سۆزداریەکانە. هەروەها پیاوان حەز دەکەن کە ژنان بچنە لایان بۆ ئارایشت کردن، چونکە ئەوان جوانی ژنان دەبینن‌و هەڵی دەسەنگێنن. خۆیان حەز دەکەن بە چ شێوەیەك جوان بێت‌و جوانیەکانی تیادا دەرکەوێت، بەو شێوەیە دەیڕازێننەوە، چونکە جوانیەکانی ژنان زیاتر لە چاوی پیاواندا دەردەکەوێت. زۆرجار ئارایشتگە ژنەکان، بەو شێوەی کە پیاوان ئارایشت بۆ ژنان دەکەن، ئارایشت‌و جوانکاری‌و ڕازاندنەوە بۆ ژنان ناکەن. لەبەرئەوەی هونەری سەرنج ڕاکێشانی ژنانیان نیە. جگە لەوە زۆرجار ئیرەیی بردن بە یەکتری لەجوانیدا، یاخود یەك شێوەو یەك مۆدێل دادەنێن بۆ ژنان. بەپێچەوانەی پیاوانەوە کە حەز دەکەن هەر ژنەو بەشێوەو مۆدێلێك بێت، تا جوانی ژنان بەهەموو شێوەیەك ببینن. زۆرجار شروشتی ژن خۆی حەزو ئارەزووی وا دەکات کە بەکاری پیاوان بکات، لەئارایشت‌و بەرگ دروینی‌و پزیشکی‌و رۆژنامەگەری.. هتد. چونکە هەست‌و ئارەزووەکانی خۆیان لەکارەکانی پیاواندا دەبینەوە. پێیانوایە چۆن پیاو تەواوکەری ژیانیانە، بەهەمان شێوەش تەواوکەری کارەکانیشیانە.

بەمەبەستی حەزو ئارەزووی ژنان، بۆ ئارایشت‌و جوانکاری ڕوودەکەنە ئارایشتگەی پیاوان پرسیارمان لەم بەڕێزانە کرد.

پرسیار: بۆچی حەز دەکەی پیاو ئارایشتان بۆ بکەن؟ جیاوازی ئارایشتی ژنان لەگەڵ پیاواندا چۆن دەبینن؟ ئایا جیاوازی لەنرخی ئارایشتگەی ژنان‌و پیاواندا چۆنە؟

ستێڤان مامەند: چونکە پیاوان دەست ڕەنگین ترن وەك لەژنان. پیاوان زیاتر ئارەزووی جوانکردنی ژنانیان هەیە، کارەکانیان جوانترە. هەروەها پیاوان بەدڵی خۆیان ئافرەت دەڕازێننەوە، تواناشیان زیاترە. جیاوازی لەنرخەکاندانیە هەر وەك یەکە، ئەگەر ئارایشتگە ژنەکان نرخەکەشیان نزمتر بێت کارەکەیان لەوەناچێ هێندەی پیاوان جوان بێت.

شەهلا حەمەد: هەموو کارێك کە پیاوان ئەنجامی دەدەن جوانە، بۆ هەموو کارێکم دەچمەلای پیاوان. جیاوازی لەکاری ژنان‌و پیاواندا زۆر زۆرە، پیاوان زیاتر هونەری جوانی دەردەخەن، بەڵام ژنان هونەری (مهنی) دەردەخەن. زۆرجار ئارایشتگەی ژنان نرخیان بەرزترە، یاخود وەك یەکە. گرنگ ئەوەیە کاری پیاوانم پێ جوانترە.

کەچی هێشتا لەزۆربەی کۆمەڵگە عەشایەریەکان‌و پەیوەست بەئایینەوە، بەلایانەوە حەرامەو عەیبەیە، بچنە ئارایشتگەی ژنان‌و خۆیان بڕازێننەوە، نەخوازە ژنەکانیشیان بچنە ئارایشتگەی پیاوان‌و پیاو جوانکاریان بۆ ئەنجام بدەن کە ئارایشتگەی پیاوان لەجیهاندا. بۆتە پیشەیەکی بەربڵاو، زۆژانە بەهەزاران ئافرەت لەبەردەم ئارایشتگەی پیاواندا، جوانکاریان بۆ ئەنجام دەدرێت. کە پیشەی ئارایشتی پیاوان بۆ ژنان، وەك هەموو پیشەوەرەکانی وەك: بەرگ درو پزیشکی هتد. کە هیچ جیاوازیەکی نیە.

لەکۆتاییدا دەڵێین: هەر چەند ئافرەت جوان بێت، بەڵام بەخۆڕاڕازاندنەوە جوانتر دەبێت. هەروەها زۆرجار جوانکاری بۆی دەبێتە ئارام بوونی باری دەروونی، مەرج نیە ئافرەت جوانکاری لەڕوخساریدا بکات، هەر بەڕوخسار جوان بێت، بەڵکو جوانی لەکرداروو ڕەوشتدا گەورەترین سەرمایەی جوانی ئافرەتن.